

# هۆکارەکانی توندوتیژیی خێزانی و ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی

**وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و بوونی یاسای تایبەت بە پاراستنی مافەکانی ئافرەت، لەگەڵ هەبوونی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ئەنجومەنی کاروباری خانمان و یەکێتی ئافرەتان و دەیان ڕێکخراوی دیکەی ئافرەت پارێز کەچی توندوتیژی خێزانی و کوشتنی ئافرەت درێژەی هەیە، ئەوەش نیگەرانی لای خەڵك دروستکردووە. گۆڤاری گوڵان لەم ڕاپۆرتەدا ئەو پرسەی لەگەڵ چەند کەسایەتییەك تاوتوێ کردووە و ئەوانیش پاڵنەر و هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە و ڕێکارەکانی چارەسەری لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەخەنەڕوو.**

**گوڵان – کۆمەڵایەتی**

سەرەتا د. چەواس حەسەن، مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «دیاردەی ژنکوشتن وەك هەر تاوانێکی دیکە، گەلێك هۆکار و پاڵنەر و فاکتەری لە پشتە، بۆیە تەنیا بە دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێك، یان یاسایەك هەروا بە سانایی کۆتایی نایەت.» هاوکات دەڵێت: «یاسا بۆ لە قاڵبدان و ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە دێت، بەڵام تاکەکان دەتوانن بە هۆی ئەو ئیرادە ئازادەی کە هەیانە، بە یاساکانەوە پابەند نەبن، بۆیە لێرەدا دەسەڵاتی گشتی پەنا بۆ سزا دەبات، تا یاسا بچەسپێنێت، ئەی ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە لە سزاکەش نەترسان، یان قبووڵیان بوو بۆ ئەوەی تاوان بکەن؟ ئەوسا یاساش سوودی نامێنێت. واتا یاسا بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، دەبێت لەگەڵ فەلسەفەی زاڵی کۆمەڵگەدا بگونجێت، ئەگەرنا تەنیا وەك نەخشێکی بێمانای سەر کاغەز دەمێنێتەوە. یاساکانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵگەکەماندا نایەنەوە، چونکە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوەریان بە توندوتیژی هەیە لەگەل ئافرەتدا، تا ڕادەی کوشتنیش. کەواتە دەبێت ئێمە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان کار لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگەکەمان لەبارەی ئافرەتەوە بکەین. واتە بڕوا بێنین بەوەلانانی نامووسپەرستی، بە مرۆڤبوونی ئافرەت، بە یەکسانبوونی لەگەڵ پیاودا. هەروەها بڕوا بێنین بەوەی جەوهەری ئافرت مرۆڤە، نەك کاڵا، ئەوسا دەتوانین بڵێین تەنانەت ئەگەر وەك پیاوەکان هەڵەش بکەن، دەکرێت دەرفەتیان بۆ بڕەخسێندرێت.»

تەرزە محەمەد حوسێن کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانە و ڕایوایە: «فرەیی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان سەردەکێشێت بۆ هەڵوەشانەوە و پەرتەوازەبوونی خەباتی ئافرەتان، چونکە هەر ڕێکخراوێك یان حزب و پارتێك لەلایەن توێژێکی هۆشیار و ڕووناکبیرەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەو دەستەبژێر و توێژەش زیاتر هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستە تایبەتەکان، نەك بەرژەوەندیی سەرتاپاگیری.» گوتیشی: «ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان وابەستەی حزب و لایەنەکانن و لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا ڕۆڵی پاشکۆ دەبینن و بۆ بەرچاوڕوونی ڕێکخراوەکەیان میتۆدۆلۆژیای حزب بەکاردێنن، ئەوەش داکۆکیکردنە لە مانەوەی خۆیان، نەك چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتان.» پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە کێشە ئینسانییەکان لە کۆمەڵگەی کوردی دوالیزمییە و هەر دوو ڕەگەزەکە تێوەی گلاون، بەڵام ئافرەتان قوربانیی سەرەکین و بۆ دەستەبەری مافیان دروشم لە کردار زیاتر بووە. هاوکات دەڵێت: «ڕەنگە هەموو فێمینیستانی دونیا هێندەی فێمینیستی کورد لەبارەی مافەکانی ژنانەوە قسەیان نەکردبێ، ئەگەر دە لەسەدی بانگەشە و وتار و سیمینار و کۆڕەکانیان کاری جددییان بکردایە، ئێستا ڕەوشی مێینەی کورد جۆرێکی دیکە دەبوو، بە دڵنیاییەوە جێپەنجەشیان دەبیندرا. هەروەها ئەوەندەی کورد ڕێکخراوگەلی ئافرەتان و خوشکان و ژنانیان دروست کردووە، هیچ نەتەوەیەك ئەوەندەی دروست نەکردووە، ئەوەش تەنیا پەرتەوازەبوونی خەباتی ئافرەتانی لێکەوتووەتەوە.» گوتیشی: «ئافرەت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بە هەموو جۆرێك بە کەم دەبینرێت و دێتە ژێرپرسیار و بەم چەشنە کۆنترۆڵ دەکرێت و بە پێوانەی پیاو مەزەندە دەکرێت. سەدان ساڵە ساڵە ئافرەت واگوش کراوە کە ڕۆڵی سەرەکیی ئەو لە ژیاندا دایکایەتی

**دیاردەی ژنکوشتن وەک هەر تاوانێکی دیکە، گەلێک هۆکار و پاڵنەر و فاکتەری لە پشتە، بۆیە تەنیا بە دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێک، یان یاسایەک هەروا بە سانایی کۆتایی نایەت**

**تاکەکان دەتوانن بە هۆی ئەو ئیرادە ئازادەی کە هەیانە، بە یاساکانەوە پابەند نەبن، بۆیە لێرەدا دەسەڵاتی گشتی پەنا بۆ سزا دەبات، تا یاسا بچەسپێنێت**

**ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە لە سزاکەش نەترسان، یان قبووڵیان بوو بۆ ئەوەی تاوان بکەن؟ ئەوسا یاساش سوودی نامێنێت**

**یاسا بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، دەبێت لەگەڵ فەلسەفەی زاڵی کۆمەڵگەدا بگونجێت، ئەگەرنا تەنیا وەک نەخشێکی بێمانای سەر کاغەز دەمێنێتەوە**

**ئێمە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان کار لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگەکەمان لەبارەی ئافرەتەوە بکەین. واتە بڕوا بێنین بەوەلانانی ناموسپەرستی، بە مرۆڤبوونی ئافرەت، بە یەکسانبوونی لەگەڵ پیاودا**

و پەروەردەکردنی منداڵ و کارگێڕیی ماڵەوەیە. گرفتی ژن ئەوەیە بە هەزاران تاڵی نادیار بەتایبەت لەباری بیروبۆچوونەوە شتەك دەدرێت و بە کەم دادەنرێت، ئەوەش شەڕێکی نێوان چەند کەس نییە، بەڵکو پرسێکە ریشەی لە سیستەمی پیاوسالاریدایە. ئەو بارودۆخەش کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت، ئەوەندە دەرفەتی بە رەگەزی مێینە نەداوە، تاکو لەسەر پێی خۆی بوەستێت. گومانی تێدا نییە کە ئافرەتان لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە لە ئاستی دەزگایی و کاری پراکتیدا کۆمەڵێك کاری گرنگیان ئەنجام داوە، بەڵام هێشتا دەبێت بۆ دەستەبەری مافەکانیان هەوڵی زیاتر بدەن، بەتایبەتی بۆ بەدەمەوچوونی ئەو ئافرەتانەی کە ژیانیان لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی کوشتندایە. چونکە زۆر جار بۆ پاککردنەوەی کارە نەشیاوەکانی پیاو، ئافرەت بە ناوی ناموسەوە دەکوژرێت و کەسیش نییە لەسەری بێتە وەڵام و داوای مافەکانی بکات».

تەرزە محەمەد هۆکاری زۆربوونی حاڵەتەکانی کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ «نەبوونی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی ناتەندروستی خێزان و کەمتەرخەمی لە بەرامبەر هەزری کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە کۆی ئەوانە وایکردووە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئافرەت لاواز بێت. گوتیشی: «زۆر پێویستە پەیڕەوێکی جددی بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لەلایەن حکومەتەوە دابنرێت و لەلایەن داوکاری گشتییەوە بەرگری لە ئافرەتی غەدرلێکراو بکرێت. هەروەها پێویستە رێکخراوەکانی ئافرەتان لەو قاڵبە کلاسیکییەی کە وەریانگرتووە، بێنە دەرەوە و هەموویان بەبێ جیاوازی و بە هەر بیروبۆچوونێکی جیاوازەوە، رێکخراوێکی هەمەلایەنی یەکگرتووی دوور لە بەرژەوەندییە سیاسییەکان لە رێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە پێکبهێنن کە تەنیا خزمەتی ئافرەتان بکات. ئێمەی کورد هێشتا لە سەرەتای قۆناغی ئازادیی ئافرەتداین، بۆیە دەبێت راگەیاندنەکان و رێکخراوەکان بە بەرنامەڕێژی کار بۆ هۆشیاریی تاکی کۆمەڵگەی کوردی بکەن.»

سەرکار مەولود، وەك راگەیاندنکارێك سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «یاسای ژمارە (٨)ی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە هەموو شێوازێك رێگری لە ئەنجامدانی هەر توندوتیژییەك کردووە کە دژ بە ئافرەتان ئەنجام بدرێت.» گوتیشی: «بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و ئەنجومەنی خانمان و رێکخراوە مەدەنییەکانی تایبەت بەو بوارە لە رووی هوشیاریی فیکری و راوێژی دەستەجەمعی و کۆڕ و کۆبوونەی تایبەت بەو بوارە کەمتەرخەمییان نەکردووە و بەردەوام کار و چالاکیەکانیان بەڕێوەدەبەن، بەڵام بەشێك لەو رێکخراو و دەستەیانەی بواری مافی ئافرەت تەنیا بۆ ناو و ناوبانگی خۆیان کاریان کردووە و بەرژەوەندیی خۆیان پێش کار و بەرنامەکانیان خستووە، بۆیە زۆر چالاك نین و تەنیا لە ساڵیادەکان بە دیار دەکەون و دواتر بزر دەبن، چونکە ئەگەر کارێکی زۆریان کردبێ، بەم شێوەیە کۆمەڵگە تووشی ئەم هەموو نەهامەتییە نەدەبوو.»

ئەو میدیاکارە پێیوایە «ژنکوژی کەیسێکی کۆنی کەلتوورییە و لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام بەپێی کات و زەمەن و بە هاوکاریی هەموو ئەو رێکخراو و دەزگا ئەمنییە تایبەتییانەی کە لەو بوارەدا کاردەکەن، کێشەکان بەرەو کەمتر رۆیشتوون». گوتیشی: «ئێمە ناتوانین کێشەیەکی گەورەی بنچینەیی وەك توندوتیژی بە کەمترین ماوەی زەمەنی بنبڕ بکەین، ئەوە کاتی زیاتری دەوێت و حکومەت و میدیا و رێکخراوەکانی مەدەنی و مامۆستایانی ئایینی هەمووان پێکەوە دەبێت بەردەوام هەوڵی هوشیارکردنەوەی زیاتری تاکی کۆمەڵگە بدەن».





## لە هەفتەی جیهانیی شیری دایکدا

# داوا دەکرێت دایکان شیری خۆیان بە کۆرپەکانیان بدەن

هەفتەیەك بە ناوی «هەفتەی جیهانیی شیرپێدانی سرووشتیی دایك» لە ئاستی جیهاندا دەستنیشان کراوە و هەموو ساڵێك بەو بۆنەیەوە لە ٨/١ بۆ ٨/٧ لە ١٢٠ وڵاتی جیهاندا چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی ئەوەی هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە لە بارەی سوودە سرووشتییەکانی شیرپێدانی دایك هەم بۆ منداڵەکە و هەم بۆ دایکەکە بدرێت.

لە کوردستانیش ئەم یادە دەکرێتەوە و داوا لە دایکان دەکرێت شیری خۆیان بە کۆرپەکانیان بدەن.

■ گوڵان – کۆمەڵایەتی

**لەسەر دایکان پێویستە یەک کاتژمێر دوای لەدایکبوونی کۆرپەکەی، شیری خۆی بداتێ و منداڵەکە بە سینگی خۆیەوە بنووسێنێ، بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست ببێ**

**ئەو منداڵانەی شیری دایکیان دەخۆن، کەمتر لە نەخۆشخانەکاندا دەخەوێندرێن، بەڵام ئەو منداڵانەی شیری قوتویان پێدەدرێت، زوو زوو نەخۆش دەکەون**

**هەستی دایکایەتی ئەو هەستە ئینسانییەیە کە لە شعوور و دەروونی دایکدایە و دەزانێت لەم بوونەدا بە بەرهەمەو درێژەپێدەری نەسڵ و وەچەی خۆیەتی و بە گیانی خۆیشی ژیانی کۆرپەکەی بەردەوامی پێدەدات**

سەرەتا د. سۆزان عەبدوڵا پسپۆڕی ئافرەتان و منداڵان دەڵێت: «لەسەر دایکان پێویستە یەك کاتژمێر دوای لەدایکبوونی کۆرپەکەی، شیری خۆی بداتێ و منداڵەکە بە سینگی خۆیەوە بنووسێنێ، بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست ببێ، منداڵ دوای لە دایکبوونی پێویستە ژەك (کۆلۆسترەم)ی مەمکی دایکی بخوات، بەڵام بەداخەوە زۆر لە دایکان ئەو ژەکە بەهێند وەرناگرن، یەکسەر شەکراو دەدەنە منداڵەکانیان. بەڵام ژەك زۆر بەسوودە بۆ کۆئەندامی بەرگریی منداڵ، چونکە دژە تەنی تێدایە. سوودەکانی ژەك بریتین لە:

- ئەگەری تووشبوونی منداڵ بە جۆری یەکەمی شەکرە کەم دەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوونی منداڵ بە شێرپەنجەی خڕۆکە سپییەکان (لوکیمیا) کەم دەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوی و بەرزەپەستانی خوێن لەکاتی گەورەبووندا کەم دەکاتەوە.

هیچ شیرێك جێگەی شیری دایك ناگرێتەوە. شیری دایك ئەم سوودە زۆرانەی بۆ کۆرپە هەیە:

- شیری دایك هەموو ئەو پرۆتین و چەوری و کانزا و ڤیتامینانەی تێدایە کە بۆ گەشەی منداڵ پێویستن، هەموو ئەو بەها خۆراکییانەی بە شێوەیەك تێدایە کە بەئاسانی لەلایەن منداڵەکەوە هەرس دەکرێت، خۆشبەختانە ئەو منداڵانەی شیری دایکیان دەخۆن، کەمتر لە نەخۆشخانەکاندا دەخەوێندرێن، بەڵام ئەو منداڵانەی شیری قوتویان پێدەدرێت، زوو زوو نەخۆش دەکەون.
- کەمبوونی هەوکردنەکان: سکچوون، هەوکردنی ڕێڕەوی هەناسە، هەوکردنی گوێ، هەوکردنی بەکتریایی پەردەی مێشك.
- کەمبوونی هەستەوەری (حەساسیەت): هەستەوەری بە خۆراك، بیرۆ (ئەکزیما)، ڕەبۆ.

تەنانەت شیرپێدانی سرووشتی سوودی زۆری بۆ تەندروستیی دایکەکەش هەیە، لەوانە:

- مەترسیی خوێنبەربوونی دوای منداڵبوون کەم دەکاتەوە.
- مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك، شێرپەنجەی ناوپۆشی منداڵدان، نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکاتەوە.وێڕای کەمکردنەوەی خەرجی.

بەداخەوە هەندێك لە دایکان شیری خۆیان بە منداڵەکانیان نادەن، یان دەڵێن شیرم کەمە و منداڵەکەم تێرناخوات، یان دەڵێن شێوەی مەمکم تێکدەچێت، یانیش پێیانوایە منداڵەکە بە شیری دایك تووشی سکچوون دەبێت، ئەوانەش هەموو بۆچوونی هەڵەن و لە زانستی پزیشکییەوە دوورن.»

ئیبراهیم حاجی زەڵمی ماستەر لە کۆمەڵناسی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دەتوانین پرسی شیرپێدانی سرووشتیی دایك بە منداڵەکەی لە سێ ڕوانگەوە کاریگەری و جێکەوتە ئەرێنییەکانی بەکورتی بخەینە بەرچاو:

**یەکەم : لەو ڕوانگەیەی کە جێکەوتەی ئەرێنی لەسەردایك دەبێت.**

دیارترین هەستی دایکایەتی لەو کاتەوە بەدەردەکەوێت کە دایك پاش لەدایکبوونی منداڵ، منداڵەکەی دەخەنە کۆشی و مەمکی دەخاتە ناودەمی و منداڵەکەی دەست دەکات بە شیرخواردن، ئەم هەستە جوانترین هەست و تەواکاری هەستی دایکایەتییە بەوەی کە شعوور بەوە دەکات ئەم مرۆڤە بەرهەمی هەبووە و ئێستاش بەخۆی درێژە بە ژیان و مانی ئەو بەرهەمە ئینسانییەی دەدات. هەستی دایکایەتی ئەو هەستە ئینسانییەیە کە لە شعوور و دەروونی دایکدایە و دەزانێت لەم بوونەدا بە بەرهەمەو درێژەپێدەری نەسڵ و وەچەی خۆیەتی و بە گیانی خۆیشی ژیانی کۆرپەکەی بەردەوامی پێدەدات، ئەم هەستەش ئەوەندە هەستێکی مەزن و شوێنەوار دانەرە لەناو دەروونی دایکدا، مەگەر خۆیان ئەگەر بتوانن بە وشە دەریببڕن. واتە دایك تەواو هەست بە ئارامی و ئاسوودەییەك دەکات کە لە نە پێشتر ئەو هەستەی لەلا بووە، نە بە هیچ میکانیزمێکی تر دروست بۆی دەکرێت. ئەم هەستەش بێگومان هەستێکی ئەرێنی و باشە و کاریگەری لەسەر تەندروستیی دایك و بەرگریی دایك بەرامبەر نەخۆشییەکان زیاتر دەکات و ڕێگریشە لە بەردەم دروستبوونی ڕەشبینی بەرامبەر بە ژیان و سازانی هەڵچوونەکانی دایکیشە بەرامبەر دەوروبەری و فراوانکردنی فەزای خۆشەویستی و سۆزە بەرامبەر بە منداڵەکە و بەرامبەر بە دەوروبەری و جێکەوتەی ئەرێنیی باش لەسەر پەیوەندییەکانی دایك بە دەرەوەی خۆی بەتایبەتی خێزانەکەی و...هتد دەبێت. هەروەها لە ڕووی فسیۆلۆژی و تەندروستیشەوە ڕێگرە لە بەردەم دووبارەبوونەوەی منداڵ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە دروستبوونی شیرپەنجەی مەمك و نەخۆشیی دیکەش ڕێگری دەکات.

**دووەم: لەو ڕوانگەوەی کە جێکەوتەی ئەرێنی لەسەر منداڵەکە دەبێت.**

بێگومان منداڵ هەر لەدایکبوونیەوە وەك بوونەوەرێکی هوشیارو کۆمەڵایەتی دەبێت حیسابی بۆ بکرێت، نەوەك وەك زیندەوەر و بخورێك و گوێ بەلایەنی دەروونیی و هەڵوونی و کەسێتی نەدرێت، بۆیە پرسی شیرپێدانی دایك بە منداڵ پرسێکی ئینسانییە و کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی لایەنە ئینسانی و ڕۆحییەکانی منداڵیش دەبێت و دواجار لە ڕووی دەروونی و هەڵچوونیەوە شیرپێدان و تەماشاکردنی دایك بۆ چاوی منداڵ و بەپێچەوانەوە ئیتر ئەو پەیوەندییە ئینسانی و ئەرێنییەی لەلا دروست دەبێت، کە ژیان و بوونی پەیوەستە و بەندە بەوانی ترەوە و ڕاستەوخۆ هەستی خۆشەویستی بۆ مرۆڤ بەتایبەتی

بۆ دایك و پاشان شعوره مەزنە کۆمەڵایەتییەکەی لەلا دروست دەبێت، کە فەیلەسووفان هەر زوو باسیان لێوە کردووە کە بریتییە لەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. ئەمە بەدەر لەوەی کە لە رووی تەندروستییەوە هەردەم شیرپێدانی سرووشتی کاریگەری ئەرێنیی تەندروستییانە دادەنێت و بەرگری لە دژی نەخۆشییەکان و.. هتد پێ دروست دەکات.

### سێیەم: لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە

بێگومان شیرپێدانی سرووشتی بۆ خۆی ئەو کاریگەرییە ئەرێنییە لەسەر لایەنی ئابووری و گوزەرانی یەکەم دەزگای گرنگی کۆمەڵایەتی دادەنێت کە خێزانە. چونکە شیرپێدانی سرووشتی بەدەر لەوەی رێزی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستیی دایك بۆ منداڵ و ئەندامەکانی خێزان زیاتر دەکات، هەستێکی گەورەی ئینسانیشی پێدەبەخشێت و ئارامش و پێکەوەبوونی ئاسوودەییانە بە هەموانی ناو خێزان دەبەخشێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە پەروەردەکراوانی شیری دایك پەیوەندییەکی پتەوی رۆحییان لەگەڵ دایکیاندا دەبێت و خۆشەویستی و سۆزیان زیاتر دەبێت.

پاوان کۆیی، توێژەری کۆمەڵایەتییە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە شیری دایك لە رووی تەندروستییەوە باشترین شیرە بۆ کورپە و بۆ دایکیشی، کە وا دەکات ئافرەتەکە تووشی نەخۆشی نەبێت لە رووی جەستەییەوە، چونکە لەکاتی شیردان دایکەکە ئەو چەوری و زیادبوونی کێشەی کە لەکاتی دووگیانی تووشی بووە، لەکاتی شیردان شی دەکاتەوە و لەشی دەکەوێتەوە باری پێشووی خۆی و لەشولاری رێك دەبێتەوە، هەروەها لە رووی دەروونییەوە گرینگی و تایبەتی خۆی هەیە.»

گوتیشی: «تا چەند دایك ئارام و بێ کێشە بێت، ئەوا شیرێکی بەسوود و باشتری دەبێت، هەروەها هەتا دایکەکە دەروونی خۆیی وا رابێنێ کە شیری زۆرە و دەبێت پیویستیی منداڵەکەی دابین بکات، ئەوا شیری زیاد دەبێت، رەنگە ئەورۆ زۆربەمان چاومان بەو دایکانە بکەوێت کە دەڵێن: شیرمان کەمە، یاخود منداڵەکە بە شیرەکەمان تێر ناخوات، یان دایك هەیە دەڵێت: ئەگەر شیری حۆم بە منداڵەکەم بدەم، شکڵی مەمکم تێکدەچێت، بەوەش غەدری گەورە لە خۆی و لە منداڵەکەشی دەکات و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی بۆ هەردووکیان زیاتر دەکات. لە لایەکی دیکەوە پێدانی شیری دایك هەست و سۆزی خۆشەویستی دروست دەکات، سۆزی زیاتر لە نێوان دایك و منداڵەکە دروست دەکات، لە رووی کۆمەڵایەتیش شیردانی سرووشتی سوودی زۆری هەیە، چونکە پەیوەندیی نێوان دایك و منداڵەکە بەهێزتر دەکات، کاتێك دایك منداڵەکە لە باوەش دەگرێت، سۆزی زیاتری بۆ منداڵەکەی دەجووڵێت و منداڵەکەش بەهەمان شێوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و لێکنزیکبوونەوەی بۆ دروست دەبێت. هەروەها ئەو دایکانەی کە شیر بە منداڵەکانیان دەدەن، زۆر زیاتر ئارامتر و ئاسوودەترن لەو دایکانەی کە شیری خۆیان بە منداڵەکەیان نادەن.»

بە گوێرەی توێژینەوەیەك، ئەو منداڵانەی کە لە سەرەتای لەدایکبوونیان تا ٢٨ هەفتە شیری سرووشتییان پێدراوە، زیاتر لەو منداڵانەی شیری وشکیان پێدراوە، لە رووی توانای مێشکی و خوێندنی ئەکادیمییەوە باشتر بوون.

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شیرپێدانی سرووشتیی دایك دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکیی منداڵەکە، جگە لەمەش ئەو پەیوەندییە جەستەییەی لە نێوان منداڵەکە و دایکەکە دروست دەبێت لەکاتی شیرپێدان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە لە رووی دەروونییەوە زیاتر ئاسوودە بێت.

توێژەران مێشکی منداڵەکانیان لە رێگەی تیشکی لەرینەوەی موگناتیسی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، بۆیان دەرکەوت، کە ناوچەیەکی خۆڵەمێشی لەسەر وێنەی مێشکیان لە تیشکەکەدا، بەردەوام گەشەیان کردووە، لە رووی واقیعیشەوە، ئەو منداڵانە توانای فێربوونی زمان و بیرکاری و ئاستی فێربوونیان باشتر بووە.

ئەو توێژەرانە، رێنمایی دایکانیان کردووە لە گرنگی پێدانی شیری خۆیان بە منداڵان، بەتایبەت ئەو منداڵانەی زووتر لەدایك دەبن.

**پرسی شیرپێدانی دایک بە منداڵ پرسێکی ئینسانییە و کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی لایەنە ئینسانی و رۆحییەکانی منداڵیش دەبێت**

